http://dx.doi.org/10.26750/jru.1007

# رۆڵی راگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا
## ( دەروازەیەکی تیۆرییە )

**م. ئاراز رمضان احمد**
**خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەدین**
**کۆلێژی ئەدەبیات**
**بەشی راگەیاندن**

**پ.ی.د. هێرش رەسوڵ موراد**
**سەرپەرشتیار**

**پێشەکی**

راگەیاندن، وەك تەرزێکی گەیاندن، لە ئێستادا بە بەهێزترین ئامڕازی دروستکردنی رایگشتی دادەنرێت، کە رۆڵی بەرچاوی هەیە لە گۆڕانکارییە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکاندا لە کۆمەڵە جیاوازەکانی جیهاندا، بە تایبەتیش کە بە هەموو جۆرەکانییەوە کاریگەریی زۆریان دروستکردووە لەسەر پڕۆسەی سیاسیی، بە شێوەیەکی گشتی.

لەسەدەی بیست و یەکیشدا، کە تەکنۆلۆژیا گەشەی زۆری کردووەو کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کۆی بوارەکان بە گشتی، و راگەیاندن بە تایبەت، وایکردووە ئەم بوارە رۆڵی کارا لە پرسو پێشهاتە سیاسییەکاندا ببینێت.

ئەم توێژینەوەیە، وەك دەروازەیەکی تیۆری، روناکی دەخاتەسەر رۆڵی راگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی، لەمەشەوە، هەڵوەستەکردن لەسەر رۆڵی راگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی و زانینی سیاسیی لەناو جەماوەردا بۆ زیاترکردنی بەشداریی سیاسی، ئەمەش لە رێگەی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی جەماوەر دەربارەی کەسێتیی و رووداو و بۆنەو پرسە سیاسییەکان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم:

### یەکەم: میتۆدنامە

### ١. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

ڕاگەیاندن لەرۆژگاری ئێستادا پانتاییەکی زۆری جەماوەریی داگیرکردووەو زۆرترین ڕێژەی پەیام تێیدا ئاڕاستەی وەرگرو جەماوەر دەکرێت، بەهۆی ئاسانیی بەکارهێنان و بوونی تایبەتمەندیی زۆری، بە کورتی گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشان و بیرۆکەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، لەوانە:

کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی، و ئەوەش وای لەتوێژەر کردووە ئەم بیرۆکەیە هەڵبژێرێت، واتە نوێبوونی بابەت فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

### ٢. کێشەو پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە گرنگترین هەنگاوە، لە توێژینەوەی زانستیدا کە ئاڵۆزی بوونی کێشەی تێدایەو پێویستی بەدیاریکردنی کێشە هەیە.

گرنگترین و سەرەکیترین پرسیاری توێژینەوەکە بریتییە لە: "تاچەند ڕاگەیاندن ڕۆڵی لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا هەیە؟".

### ٤. بایەخی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لە دروستکردنی زانینی سیاسی لە ڕۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و حەتمییە، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستانیش، کە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو ئەو شەپۆلە جیهانگیرییە بە هەمانشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستانیش کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی سیاسیی و جێکەوتە سیاسییەکان دروستکردووە، بە تایبەتیش ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە تایبەتتریش ئینتەرنێت لەسەر سروشتی هۆشیاریی سیاسی لەئێستادا کاریگەریی زۆری بەجێهێشتووە.

هەروەك توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەمیش لەبواری پراکتیکدا، دامەزراوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگەلەوەش کتێبخانەی کوردی کەمترین توێژینەوەی لەسەر بابەتی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و زانینی سیاسیی تێدایە.

### ٥. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئامانجی زانستی و بابەتی لەپشتەوەیە، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانستی خۆی هەیەو لەگرنگترین ئامانجەکانیش بریتین لە: دەرخستنی ئاستی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٦. میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بەستووە بەمیتۆدی وەسفی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**٧. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەو گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ئامرازانەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارو شرۆڤەی زانستیانەی داتا وەرگیراوەکان.

سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستی: توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەو کتێبە زانستیانەی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە لەلایەن پسپۆڕانەوە، هەروەها پشتی بەستووە بەو توێژینەوە زانستیانەی پێشتر دەربارەی "ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهیاتنی زانینی سیاسیی" بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گۆڤاری ئەکادیمی وەك سەرچاوە بەکارهێنراون.

**دووەم :دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**١. ڕۆڵ:**

لە فەرهەنگی کامبریدجی ئینگلیزی (٢٠١٦) بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆڵ کراوە کە چالاکیەکە لە شوێنێك یان ئامانجێکە، کەسێك یان شتێك لەبرودۆخێکدا پێی هەڵدەستێت بەئەنجامدانی، لەرێکخراوێکدا، لە کۆمەڵگەدا یان لەپەیوەندیدا دەگێڕدرێت.

**٢. ڕاگەیاندن:**

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی وا پێناسەی ڕاگەیاندن کراوە کە بریتییە لەئامرازە سەرەکیەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریی لەوانە ئامڕازەکانی (پەخش، چاپەمەنی و ئینتەرنێت)"( en.oxforddictionaries.com. ٢٠١٧)

**٣. چەمکی زانین ((المعرفە – Knowledge)**

لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا زانین مانای (زانینی شتێك وەکو خۆی کە هەیە) لەماناکانی تری زانین و بەخشین و ئارامگرتن و ئاماژەیە بە شتێکی تایبەت و باش و لەوەرگیراوەکانی تری وا سەیری چاکەو بەخشین و دانپێنان و یەکترناسین، زانین بەمانای جێگیربوو، لەدڵ و دەروون و لەرێگەی وەرگرتنی گەواهی عەقڵی دێ (اسعد علی، ١٩٧٢، ص ٢١٠). هەروەها (سعید اسماعیل صینی، ١٩٩٤ ص ١٣)یش پێیوایە کە زانین کردارە لەپەیبردن بەزانین بەرامبەر نەزانی، و وشەی زانین بەوە پێناسەکراوە کە هەموو تێگەیشتنی مرۆڤە لە هەست و راستی و بیروباوەڕی پێگەیشتووەو بەشداری دەکات لەزانینی چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا.

(محمد عابد الجابری، ٢٠٠٠)، لەتوێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (بنیە العقل العربی) دەڵێت: لەسەر زمانی عەرەب (بەخشندەیی زانست پەیبردن بەزانین و بەخشینی زانین و وشەی (عرفات) بەخشندەیی لەلایەن سۆفیگەرە ئیسلامیەکان باسکراوە لەجۆرێکی بەرزی زانین کە ئاڕاستەی دڵ دەکرێت لەسەر شێوەی دۆزینەوەو ئیلهام (ص ٢٥١). هەروەك عبد الحلیم محمود السید، (١٩٧٩) ڕوونیدەکاتەوە کە پەیوەندی زانین و بەخشین بەردەوام


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ئاماژەیە بۆ شتێك چونكە (ڕەتكردنەوەی شتێك، وریابون دەربارەی لێرەوە ناوی چاكەیە دژی خراپە لەڕێگەی كردارو جێگیربون لەناو دڵ و دەروونەدا(ص ۱۷۳).

هەر یەكێك لە فارابی و ابن سیناء و ابن گقیل، وا پێناسەی زانین دەكەن كە ( زانین یەكانگیرە لەگەڵ بوون (وجود) یاخود وێنەیەكی بوونە) هەروەها فەیلەسوفی قورگی ابو ولید بن رشد دەڵێت: زانینی مرۆڤایەتی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ كاروباری هەستپێكراوو چالاكی ئاوەزی (عەقڵی) كە یەكێكە لەهێزە دەرونیەكانی مرۆڤ (ابراهیم هلال، ۱۹۷۷-ص۵۳). هەروەها سعد غالب یاسین ، (۲۰۰۷)، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لەرووی چەمكەوە زانین لەوانەیە تەنها باسكردنی حاڵەتی تێگەیشتن لەڕێگەی هزری یاخود بیركردنەوەی ئاوەزی هەروەكو بیرمەندە عەرەبەكان لەكۆنەوە دەڵێن كە حاڵەتێكی هزری تێگەیشتن و زانینی ڕاستیەكان یاخود سەیری زانین دەكرێت لەدەروازەی شتی، و زانین ڕەگەزو شتەكان وا دەخەملێنێ كە دەتوانێ كۆیانبكاتەوەو چارەسەریان بكات (ص ۱۵- ۱٦)

چەندین پێناسەی دیكە هەیە بۆ زانین لەوانە ( زانین كۆمەڵێك ماناو بیروباوەڕو ڕێوشوێن و تێگەیشتن و تێڕوانینی هزری لەلای مرۆڤ دروست دەبن بەهۆی هەوڵی بەردەوام بۆ زانینی دیاردەو شتەكانی دەوروبەری. یاخود تێگەیشتنی هەریەك لەئێمە بۆ ڕاستی كە لەناو زهنی تاكەكان خەزن دەبێت، یاخود لە بەڵگەكانی كۆمەڵگەو بەرهەم و كەلوپەل و سیستم كە هەڵسوكەوتێكی كاریگەر دروست دەكات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاركراو . (علی جبار الشمری. 2009). لەگەڵ ئەوەشدا فرج الكامل، (۲۰۰۱) پێیوایە كە ( هەر زانیارییەك كە بەڕاست یاخود هەڵە دانیپێدابنێی) بریتییە لەزانین، بەڵام سعد غالب یاسین،(۲۰۰۷) ڕای جیاوازەو دەڵێت: ( هەموو ئەوەی لەخۆی گرتوە یاخود لەخۆی دەگرێ لەسەرچاوەو كتێب و بەڵگەو ڕاپۆرت كە هەن لەهۆكارەكانی كۆكردنەوەی كۆن و ژمارەیی زانینە)، و محمد ابو سمرە-ش (۲۰۰۹) ڕوونیدەكاتەوە كە زانین بریتییە لە ( زانینی ناوەڕۆكی شتەكان و شیكردنەوەی دیاردەكان).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی بۆ زانین خرانەڕوو و بەپێی زانیارییەكانی (حسن حنفی واخرون، ۲۰۱۰ و ابراهیم عپمان وسالم ساری ۲۰۱۰) دەتوانرێت بگوترێت كە زانین بریتییە لە:

١. مرۆڤ لەرێگەی زانینەوە ژینگەو دەوروبەری دەناسێتەوە بۆ گەیشتن بەشیكردنەوەو كرداری تێگەیشتن و بیركردنەوەو بیرهێنانەوەو پرسیاركردن و شێوەكردن و هەموو حوكمدانێك.

١. زانین بەرزترە لەزانیاریی چونكە ئێمە هەوڵدەدەین زانیاریی دەستبخەین بۆ زانین و زۆرتركردنی زانین.

٢. زانین بەرهەمی كەڵەكەبوونی زانیاریی و شارەزایی و بیروباوەڕو هەوڵی پابەندبون و مەودای كارلێكردنیانە.

٣. تاك هەوڵی وەرگرتنی زانیاریی دەدات بۆ تێگەیشتن لەوێنەیەكی ڕوونی خودی خۆی و جیهانی دەروبەری بۆئەوەی چوارچێوەیەكی گشتی بۆ هەڵسوكەوتی دابنێت.

٤. زانین و زانیاریی لێكدراوە لەتاقیكردنەوەو ڕاستییەكان و بەهاو حوكمدان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

[5]. چەمکی زانین هاو واتا نییە لەگەڵ چەمکی زانست، چونکە زانین زیاتر گشتگیرو درێژترو سنوری فراوانترە لەرووی ماناوە لەزانست، دەتوانین بڵێین هەموو زانستێك زانینە بەلاَم هەموو زانینێك زانست نییە، زانین زانیاریی زانستی و نا زانستی لەخۆدەگرێت.

[6]. زانین تەنها لەبوارێك یاخود کاروباری دیاریکراو تایبەت و قەتیس ناکرێت، بەڵکو بەپێی بارودۆخەکە درێژدەبێتەوە کە تاك تێیدا دەژی، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە بەکاریدەهێنێت لەدیاردە جیهانیەکان ( مرۆڤ و رووەك و بێ گیان) و دیاردەی وەرگیراو لە فیزیاو کیمیاو بایۆلۆژی و گەردونناسیی و ... هتد، هەروەها دیاردەی پەیوەندیدار بەژیانی مرۆڤایەتی وەکو دیاردەی سیاسیی و کۆمەلاَیەتی و ئابوری و بەڕێوەبردن و رۆشنبیری و ....هتد، و دیاردەکانی پەیوەندیدار لەخۆدەگرێت.

[7]. زانین تەنها ڕێگایە بۆ مرۆڤ کە بەهۆیەوە دەتوانێت بەربەستەکان ببڕێت و خۆ لەهەڵەکان لابدات و پلان بۆ داهاتوو دابنێت.

### ٤. زانینی سیاسیی:

جیاوازی نێوان شارستانیەتی کۆمەڵەکان رۆڵی گرنگ دەبینێت لەبڕیاردان لەهەڵسوکەوتی سیاسیی تاك کە دروستبووە لەبری زانینی سیاسیی ناوەوە لەو دەوروبەرەی شارستانی دیموکراسی لەولاَتانی پێشگەوتوو کە تێیدا دەکرێت خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگدار یاخود لەناو سیاسەتێکی بالاَدەست دەژیت کە خاوەنی ستەمکاری رەهان. (خضر خضر، ٢٠٠٨)

جیهان ئەمرۆ بەگەورەترین گۆڕانکاری مێژوویدا دەڕوات، ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بۆ بەدەستهێنانی زانستی و تەکنۆلۆژی و گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابورییەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەهۆی بەرزبونەوەو پێشکەوتنی زانین و هۆشیاریی ناو کۆمەڵەکان و زۆربوونی بزوتنەوەی پەیوەندی نێوان خەڵك و چالاکییە دیموکراسییەکانە، کە رێگە بەکۆمەڵەکان دەدات گوزارشت لەخودی خۆیان بکەن. (هادی نعمان الهیتی، ٢٠٠٣).

صموئیل هنتنغتون، (١٩٩٩)، باس لەوە دەکات کە دروستبوونی سیاسەتی جیهانی و دووبارە رانانەوەو جیاکردنەوەی بەهۆی هێڵەکانی زانین و رۆشنبیرییەوە دەبێت، هەروەها قۆناغی زانین و تێگەیشتنی سیاسیی قۆناغی دۆزینەوەی تاکە بۆ زانینی راستیەکان بەبێ کاریگەری دانان لەسەر هەڵوێست بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ. هەروەها وەرگرتنی بیروباوەڕەکان و پاراستنیان و بیرکردنەوە لێیان ئەم جۆرە لەزانینی هزرییە کە بەهۆی کارلێکردن لەگەڵ ئەوانیتر یاخود بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵ و گشتی دروستدەبێت.

زانینی سیاسیی وەکو زانین تەنها بەهۆی بەهای زانستیی ناپێورێت، و تەنها دوو رەهەندی نییە، یان راست یاخود هەڵە بێت، یان زۆر یاخود کەم بێت، بەڵکو خاوەندی پێنج (٥) رەهەندە، دەکرێت زانینی سیاسیی لەئاستێکی نزمی راستگۆیی یان گشتگیر یان قوڵ و درێژ یاخود دەکرێت کەم یان زۆر یاخود ئاسان یان ئاڵۆز بێت، کە پێویستی بەتوانایەکی تایبەتە یاخود پێویستی بەتوانایەك نییە کە راهێنان و گونجاویەتی پێویست بێت، یان پێویستی بەتوانایەکی قورس بێت (سعید اسماعیل صینی،١٩٩٤). پێناسەی روون و ئاشکرا بۆ چەمکی زانینی سیاسیی ئەوەیە کە بریتییە لە (وەرگرتنی زانین و زانیاریی تایبەت بەژیانی سیاسیی و سیستمی سیاسیی). (ودیع العزعزی، ٢٠٠٨).


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

پێناسەی دیکەش بۆ زانینی سیاسیی هەن و هەروەك قیصر كریم حسن (٢٠١٢)، پێیوایە كە زانینی سیاسیی بریتییە لە (هەموو ئەو زانیاریی و بیروڕاو بیروباوەڕو بەهاو چەمك و ڕاستی و باوەڕە سیاسییانەی كە دەگاتە وەرگر لەسەرچاوەكان و دامودەزگاكانەوە، لەزهنی مرۆڤ خەزن دەكرێن و بینای زانین و هەڵسوكەوت و تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی سیاسیی خۆی لەسەر بنیاد دەكات و دەبێتە هۆی دروسبونی شارەزایی سیاسیی، هەندێكجار لەبری زانین خۆی دەنوێنێ وەكو تێگەشتن و هۆشیاری سیاسیی یاخود لەلایەنی سۆزداری وەكو كارلێكردن و كاریگەریی یان هەڵسوكەوت وەكو بەشداریی سیاسیی.

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەتوانرێت بگوترێت كە:

١. زانینی سیاسیی بەشێكە لە ڕۆشنبیریی سیاسیی.
٢. زانینی سیاسیی دەبێتە هۆی هۆشیاری سیاسیی بەپێی ئەو زانیاریانەی كە هەن و بەردەستن.
٣. زانینی سیاسیی یەكێكە لەدەرهاویشتەكانی سیستمی سیاسیی كە لەپێگەكەیان و كۆكردنەوەو پەیوەندی سیاسیی خۆی دەنوێنێ.

## چەمكی زانینی سیاسی:

یەكێك لە پێناسە گشتگیرەكانی زانینی سیاسیی بریتییە لە ئەندازەی توانای خەڵك لەوەڵامدانەوەی ڕاستی هەندێ پرسیاری تایبەتمەند لەبواری سیاسەتدا. (Arthur Lupia & Cheryl Boudreau،٢٠١١).، توێژەرانی تر ڕای جیاوازتریان هەیەو هەروەك Kaufhold, K., Valenzuela, S. and De Zúniga, H.G (2010) پێیانوایە كە زانینی سیاسیی بریتییە لە چالاكی و دەرفەت و هاندان و توانا، لەكاتێكدا پەروەردەی فەرمی ئاستی تاكەكان بەرزدەكاتەوە بۆ پرۆسەی زانیاریی سیاسیی و ڕووداوە سیاسییەكان لەوانە بۆ كەمپەینی هەڵبژاردن، هەروەها ئارگیومێنتە سیاسییەكان لەوانەیە هانی خەڵك بدەن بۆ بەدواداچوونی كاروباری گشتی. ئەوەش دەركەوتووە كە ڕاگەیاندن بەشێوەیەكی كاریگەرو ئەرێنی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەبەرزكردنەوەی ئاستی زانینی سیاسیی تاكەكان.

هەروەك (Shaker, L (2009، ڕوونیدەكاتەوە كە زانینی سیاسیی پشدەبەستێت بە بەشێك لەزانیاریی چالاكیەكانی حكومەت، و كەسانی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆن و چەندین لایەنی دیكەی پەیوەست بە سیاسەت و حكومەتەوە، باس لەوەشدەكات كە ئەم پرۆسەی پشتبەستن بەچالاكییەكانی حكومەت و سیاسیەكان و ئۆپۆزسیۆن گرنگی خۆی هەیە، چونكە وا دەكات خەڵك زانیاری زیاتر بزانن دەربارەی سیاسەت، و باشتریش لە ڕەفتاری سیاسیان وەدەردەكەوێت لەو بوارە سیاسیانەی كە حەزو خولیایان بۆی هەیە. هەروەها بەشداریكردنیان لەپرۆسە سیاسییەكان زیاتر دەكات و وا دەكات دیموكراسی باشتر كارا بێت. ئاشكراش نییە كە خەڵك تا چ ئاستێك پێویستی بە زانینی سیاسیی هەیە بۆ هەڵبژاردەیەكی سیاسیی عەقڵانی (لۆژیكی)، بەڵام ئەوە ڕوونبۆتەوە كە لانیكەم ئاستێكی كەمی زانینی سیاسیی پێویستە، ئەوەش خراوەتەڕوو كە ڕەنگ،و ڕەگەزو تەمەن و ئاستی بژێوی ژیان كاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی زۆری و كەمی زانینی سیاسیی لای تاكەكان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Shaker، لەتوێژینەوەکەیدا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی، بەتایبەتیش ئاستی زانینی سیاسیی ناوخۆیی و نیشتمانیی و نێودەوڵەتیی.

Ronald D. Lambert, James E. Curtis, Barry J. Kay and Steven D. Brown (١٩٨٨)، لەتوێژینەوەکەیاندا دەڵێن: زانینی سیاسیی وا شیکار کراوە کە موژدە بەخشینە بەچالاکی سیاسیی لەوانە پڕۆسەی دەنگدان هەروەها ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ بەشداریی سیاسیی خەڵك، وەك کاریگەریی سیاسیی. و دەتوانرێت بگوترێت کە زانینی سیاسیی فۆڕمێکی گرنگی بەشداریی سیاسییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە (٢٠١٥) **D. Pastarmadzhieva**، ڕوونیدەکاتەوە کە زانینی سیاسیی چەمکێکی بنچینەیی تیۆری کەلتوری سیاسییە، لە هەمانکاتدا کەلتوری سیاسیی ڕەنگدانەوەی بەهای سیاسییە لە کۆمەڵدا و کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسیی، ڕەگەزی کەلتوری سیاسیی کە بە بەهای مەدەنی و ڕەفتاری سیاسیی ناسراوە، دەتوانرێت بەزانینی سیاسیی پێناسە بکرێت. هەروەك زانراویشە دیموکراسی پێویستی بەتاکی خاوەن مەعریفەو زانیاریی سیاسیی هەیە دەربارەی بابەت و ڕووداوە سیاسییەکان و سەرکردە تازەکان.

ئەو توێژەرە پێشیوایە کە ڕەگەزی سەرەکی لەفەرهەنگی سیاسییدا، بەشداریکردنی سیاسیی خەڵکە، لەکاروبارە سیاسییەکاندا، گرنگترین هۆکاریش کە بەشداریی سیاسیی تایبەتمەند دیاریدەکات زانینی سیاسییە. زانینی سیاسیش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەبەشداریی سیاسیی خەڵکەوە، وەك ڕەگەزێکی سەرەکی پڕۆسەی کەلتوری دیموکراتیی سیاسیی. ئەو پەیوەندییەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئارامی سیاسیی و گەشەی ئابوری وڵات.

**D. Pastarmadzhieva** ئەوەش شیدەکاتەوە کە بوونی کاریگەری زانینی سیاسیی لە کۆمەڵی دیموکراسیدا ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە گرنگە واتای چەمکی (زانینی سیاسیی) بزانرێت و پێناسە بکرێت. بە گەڕانەوە بۆ ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان، بەشێوەیەی تیۆری و پراکتیکی پێناسەو ناساندنی جیاواز بۆ چەمکی زانینی سیاسیی کراوە، زۆرێك لە پسپۆڕان پێناسەی خۆیان هەیە بۆ چەمکەکەو بەشێکی زۆریشیان دەگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر لەم چەمکە. زۆرترین ڕا لەسەر ئەوەیە کە زانینی سیاسیی بریتییە لە " کۆمەڵێك زانیاریی ڕاستی دەربارەی سیاسەت، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خەزن کراون لە بیردا (زهندا)".   هەروەها Clark, N (٢٠١٣)، یش دەڵێت: چەمکی زانینی سیاسیی ئاماژەپێدانە بە فاکت و زانیارییەکانی پەیوەست بە سیستمی سیاسیی، کە تاکەکان دەتوانن لە بیریاندا وەبیریان بکەوێتەوە بۆ شیکارو لێکدانەوەی ڕووداوەکان و گەشەکردنەکانی سیستمی سیاسیی، بەڵام لەهەمان کاتدا Bathelt, S (2016)، پێیوایە کە زانینی سیاسیی توانای خەڵکە لەبەدواداچوونی پاشماوەکانی سیاسەت و هەندێکجار گواستنەوەشیەتی، هەروەها بەشداریکردنیشە لەپڕۆسەی سیاسیی کە لانیکەم پێویستی بە ئاستێکی مامناوەندی زانینی سیاسیی هەیە بۆ بەشداریکردن لەپڕۆسە سیاسییەکاندا. هەروەك زانینی سیاسیی وا لەخەڵك دەکات توانای لێکدانەوەو شیکاری بیرۆکەو حەزی سیاسیی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

Delli Carpini and Keeter (1996)، لەتوێژینەوەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە زانینی سیاسیی ڕۆڵی گرنگی هەیە لەبەرزکردنەوەی توانای هاونیشتمانیان و پەیوەندییەکی هاوتایان بۆ دروست دەکات دەربارەی گەشەکردنی تێڕوانینیان بۆ ڕێساو سیاسەتی گشتی، و پارتە سیاسیەکان و ڕەفتارە سیاسییەکانیان.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم:
## کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زانینی سیاسیی

**یەکەم: ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر زانینی سیاسیی هەیە:**

سیستمە سیاسییەکان جیاوازن، وەکو سیستمی پێشکەوتوو یاخو نا، ئەم جیاوازییە دروست دەبێت بەهۆی ناسەقامگیری و پێنەگەیشتنی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی عەقڵانیەت لەپرۆسەی بڕیاری سیاسیی، ئەم سیستمانە هەندێ ڕەگەز لەخۆدەگرن، جیاکاری لەنێوان حاکم و محکومین و نەبوونی بەشداریی سیاسیی و دەستبەسەراگرتنی سیستمی سیاسیی و نەبوونی ڕێککەوتن لەسەر ناسنامەی کۆمەڵ و لاوازی پابەندبون بە کۆمەڵ و دەوڵەت (عبد الهادى الفچلى ٢٠١٠، ج.ن.ليبنتز١٩٨٣، - محمود ابو الفيچ المتوڤ الحسينى ١٩٧٠، يسرى خالد ابراهيم ٢٠١٤).

بەڵام پێشکەوتنی ئەم سیستمەو گۆڕانی بۆ سیستمێکی پێشکەوتوو پارێزراو بەرۆشنبیریی سیاسیی لەرێگەی بیری پێشکەوتنی شارستانیی و شارەزایی مێژوویی بە کۆمەڵێك نموونە هەڵسوکەوت و چەمکی هزری دەبێت لەگەڵ بەها ترادسیۆنەکان کە پەیوەندیان بە کۆمەڵی دیاریکراو هەیە. (داود هاشم داود ال ابراهيم ٢٠٠٣، محمد على محمد ١٩٨٠).

(طه عبد العاطي نجم وانور بن محمد الرواس ٢٠١١، ص ٤٦ - ٤٨) جەخت لەوەدەکاتەوە، کە چەندین هۆکار هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر زانینی سیاسیی، دەبنە هۆی ئەوەی جیاوازییە تاکییەکان رون و ئاشکرابن، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، لەوانە:

١. ڕۆشنبیریی سیاسیی: بریتییە لە شێوازێکی تایبەت لە ئاڕاستەکردن بەرەو کێشەکان و بابەتە سیاسییەکان، ئەو ئاڕاستەکردنە بەرەنجامی ئامادەکاری پێشوەختە بۆ رەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیی کە لەدایکدەبێت بەهۆی فاکتەری دیاریکراو وەکو نەریتو پاشماوەی مێژوویی و پاڵنەرو پێوەرەکان، هەروەها ئاماژەو هەست و سۆز، کە زانین و بیروباوەڕو بەهای تاکەکان و کۆمەڵەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر حکومەت و سیاسەت، بیرکردنەوەیەکی روونی بەرنامەڕێژکراوە، لەسەر هەستەوەریی گرنگ بە ئاڕاستەی مێژوو، بەهۆی ئەوەی ڕێگایەکە لە بیرکردنەوەو پێویستە فێری بین، چونکە دەبێتە هۆی رەفتاری سیاسیی کە رەگی لە واقیعی گشتی و لە تاقیکردنەوەی کەسی تایبەت هەیە، رۆشنبیری سیاسیی لە رەگەزەکانی تێگەیشتن و سۆزو هەڵسەنگاندن دروستدەبێت (چونکە تێگەیشتن زانینە، سۆزداری سۆزەکانەو هەڵسەنگاندنیش بریتییە لەبەهاو بنەمای بیروباوەڕەکان).

٢. شۆڕش و گۆڕانکاریی رۆشنبیری: لەناو هەموو شۆڕشێك کۆمەڵێك بەهاو تێڕوانین و تێگەیشتنی نوێ هەیە، کە کاریگەری لەسەر زانینی سیاسیی لای تاکەکان و کۆمەڵ دروستدەکات، وەکو بەلشەفیك لەروسیا ساڵی (١٩١٧) کە بوە هۆی گۆڕانکاری لە بەهاو تێگەیشتن و گۆڕانکاری رۆشنیریی تاکەکان لەروسیا.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

٣. تواناو بەهرەی تایبەت و ئاستی فێرکردنی تاك: تاك كاتێك خاوەنی زۆرترین زانست و شارەزایی و ڕۆشنبیری بێت، دەتوانێت زیاتر لە زانیارییەکان و شارەزایی سیاسیی قوڵ بێتەوەو بینای ڕۆشنبیریی سیاسیی و هزری دەوروبەری بکات و شارەزایی لێ دروست بکات.

٤. سەرکردەی سیاسیی: بوونی سەرکردەی کاریزماتیك و مێژوویی خاوەن هزرو ڕۆشنبیریی سیاسیی فاکتەرێکی گرنگ و بەهێزە، کە ئەم سەرکردانە دەتوانن لەکاتی بونی قەیرانی سیاسیی ئاڕاستەی سیاسیی خەڵك بکەن.

**دووەم: سەرچاوەکانی دروستبوونی زانینی سیاسیی:**

زانینی سیاسیی دروستدەبێت بەهۆی بڵاوبونەوەی زانیاریی و تێگەیشتن لەناو خەڵك، کە لە بنەڕەتەوە بەهۆی بڵاوبونەوەی هۆشیاری سیاسییەوە دروستدەبێت، چونکە هاووڵاتی بە پلەبەندی تێدەگات و لەگەڵ زانیاریی و هەواڵ و بەهای گواستراوەوە کارلێك دەکات. بەهۆی کاریگەری کەناڵە نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکان لەگواستنەوەی زانینی سیاسیی، کە بوونە هۆی ئەوەی خەڵك لەوەرگرتنی زانیاریی دەربارەی کێشە سیاسییەکان و قەیرانەکان پەنایان بۆ بەرن و پشت بەو کەناڵانە ببەستن. ئەم جۆرە لەزانین، لەئەنجامی شارەزابوون لەسروشتی دەسەڵات و جۆرەکانی و شێوەکانی و تێگەیشتنی پەیوەندییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕکردنیان لەنێوان دەوڵەت و هەڵوێستە سیاسیەکان کە کۆمەڵ دەیگرێتەبەر بەپشت بەستن بەزانینی سیاسیی کە لەکۆتاییدا ئەم زانینە ڕەفتاری سیاسیی کاریگەر دروست دەکات. (موسى عبد الرحيم حلس ٢٠١٠، ص ١٣٦)

(عبد الحسن الحسيني ٢٠٠٩ - ملحم قربان ١٩٨٥)، بەم شێوەیە سەرچاوەکانی دروستبوونی زانینی سیاسیی، پۆلێن دەکەن کە لەئەنجامی پشتبەستن بەزۆر سەرچاوەوە بونیادەنرێت کە گرنگترینیان ئەم سەرچاوانەی خوارەوەن:

١. شارەزایی تاك: شارەزایی تاك بەشێوەیەکی گشتی فێربون بەڕێکەوت و ئەزمون و تێکۆشانی پێشووە، و شارەزاییەکی کرداری پێشوترە کە لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاریی و هەستەکانەوە دروستبووەو پشتی پێبەستراوە وەك سەرچاوەیەکی زانیاریی.

٢. ڕای خەڵکی دیکە: یەکێکە دیکەیە لە سەرچاوەکانی زانینی سیاسیی و بەشێوەیەکی گشتی بۆ شیکارکردن و لێکدانەوەی ڕووداو کێشە سیاسییەکان پشت دەبەسترێت بەڕاو بۆچوونی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ ئاگاداربون و دروستکردنی شارەزایی لەڕێگەی گفتوگۆو شیکارییەکانیان دەربارەی کێشە سیاسییەکان.

٣. شارەزایی زانستی: بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسیی دادەنرێت و تاقیکردنەوەی زانستی و هەڵێنجان و بیرکردنەوەی پێوانەیی و دەرئەنجامەکان لەخۆدەگرێت کە بۆ دیاریکردنی کێشە سیاسیەکان پشتدەبەستێت بەدانانی گریمانەو تاقیکردنەوە بۆ گەیشتن بەدەرئەنجام و دواتریش گشتاندنیان.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

٤. سیستمی سیاسیی و دەسەڵات: زانینی سیاسیی پەیوەندییەکی زۆری بەسیستمی سیاسیی و دەسەڵاتەوە هەیە کە یاساکان دادەنرێن و ڕەنگرێژی ئایدۆلۆژیان پێدەکرێت بەسیاسەتی دیاریکراو بۆئەوەی بەهانە بۆ کردارەکانی دواتر بهێنێتەوە.

٥. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن: دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەرەتاوە پێگەیەکی لەبن نەهاتوون بۆ زانینی سیاسیی، لە ڕۆژنامە بۆ ڕادیۆو سینەماو تەلەڤزیۆن و دواتریش گەشەی تەکنۆلۆژیای نوێ کە لەئێستادا هەموو ئەو کێشەو ڕووداوە سیاسیانەی ڕوودەدەن بەخێراترین کات دەیگوازنەوە، ئەوەش بووە هۆی کردنەوەی گەلان و زیادبوونی ڕۆشنبیریی سیاسیی و گواستنەوەی شارەزایی و زانیارییە و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی.

**سێیەم: زانینی سیاسیی و پەیوەندی بە گەشەی سیاسییەوە:**

گەشەی سیاسیی یەکێکە لە پایەکانی زانینی سیاسیی و دەرگایەکە بۆ چونە ناو ڕۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵ. گەشەپێدانی سیاسیی کردارێکە لە ڕێگەیەوە تاك ڕۆشنبیریی سیاسیی وەردەگرێت و ئاڕاستەکانی دروستدەکات، بەرەو هەندێ کێشەی سیاسیی و گرنگیان لە ڕێگەی دەرهاویشتەی ئاڕاستەکان و بەهای سیاسیی، کە کرداری ڕۆشنبیری سیاسییەو کردارێکە لەڕێگەیەوە کار لەدرستکردنی ڕۆشنبیریی سیاسیی دەکات کە کۆمەڵێك بەهای ئاڕاستەو شارەزایی و پێوەرو هەستن بەرەو سیستمی سیاسیی و ڕۆڵە جیاوازەکان. بەشێوەیەکی گشتی گەشەی سیاسیی زانینی بەها کاریگەرەکانەو هەستکردنە بەرامبەر دەرهاویشتەو داواکاری و پێداویستی سیستم و بەرهەمی دەسەڵاتی تایبەت. (Tansey, S.D., 2004)

**بەشی سێیەم:**

**گرنگترین پێکهاتەکانی زانینی سیاسیی:**

بەپێی بۆ چوونی پسپۆڕانی بواری سیاسەت و کۆمیونیکەیشن، پێکهاتەی جیاوازی زانینی سیاسیی بونیان هەیە، ئەو پێکهاتانە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پرۆسەی زانینی سیاسیی، کە گرنگترینیان بریتین لە ( زانیاریی سیاسیی، هزری سیاسیی، و شیکردنەوەی سیاسیی)، کە لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە:

a. زانیاریی سیاسیی:

زانیاری سیاسیی پێکهاتەیەکی سەرەکی زانینی سیاسییە، بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی بنەمای دروست بوونی زانینە، بەتایبەتیش بۆ زانینی سیاسیی زیاتر لەپرۆسە سیاسییەکانی وەك کەمپەینی هەڵبژاردن، سودی لێوەردەگیرێت و لەڕێگەی سەرچاوەی جیاوازەوە زانیارییەکان ئاڕاستە دەکرێن. Nelson, P (1976)، پێیوایە کە هەروەك چۆن لەپەیامی ریکلامی بازرگانیدا زانیاریی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەیە بەهەمان شێوەیە لە ریکلامی پەیامی سیاسیشدا زانیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە. ئەوەش زیاتر لەڕێگەی گەیاندنی زانیاریی دەبارەی کاندیدەکان دەبێت، دەربارەی ئێستاو ڕابردوویان و پلان و پرۆگرامی داهاتوویان بۆ جەماوەرو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەنگدەران، ئەوەش لەدەرئەنجامی لێنەکۆڵینەوەی جەماوەرو دەنگدەرانەوە دروستبووە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی زانیارییەکان لە بەرئەنجامی گوێگرتن و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان و ... هتد وەردەگرن.

Levendusky, M.S (2011 )، لە توێژینەوەکەیدا بەناوی دووبارە بیرکردنەوە لە ڕۆڵی زانیاری سیاسییدا ڕوونیدەکاتەوە کە زانیاریی سیاسیی گۆڕاوێکی سەرەکیە لەتوێژینەوە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، زۆربەی تیۆرییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگدەرانەی کە زانیاریی زیاتریان هەیە بەشێوەیەکی باشتر ڕەفتار دەکەن لەوانەی زانیاریی کەمتریان هەیە، زۆربەی توێژینەوەکانیش سەلماندویانە کە زانیاریی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتار. ئەوەش لەچەندین وەچەی لەدوای یەکەوە وەدەرکەوتووە کە پسپۆڕان جستەیەکی کاریگەری زانینیان بنیادناوە دەربارەی ڕۆڵی زانیاریی سیاسیی لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران.

بەشێوەیەکی گشتی توێژەران و پسپۆڕان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی تەرکیزیان خستۆتە سەر لێتوێژینەوە لە زانیاریی سیاسیی:

یەکەم: زانیاریی سیاسیی ڕۆڵێکی پێوانەیی یەکلاکەرەوەی هەیەو ئەو کەسانەی پڕ زانیارین بەشداری کارایان هەیە لە سیاسەتدا، هەروەها کەسانی پڕ زانیاریی لێبوردەییان زیاترەو ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەگەشەپێدانی پڕۆسەی دیموکراسیی بەهۆی بەشداری زۆریان لەپڕۆسە سیاسییەکاندا.

دووەم: زانیاریی سیاسیی گۆڕانکاری دەکات لەڕەفتاری هاونیشتیمانیان و زۆربەی تیۆرەکانیش ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە کە کەسانی پڕ زانیاری جیاوازتر ڕەفتار دەکەن لەوانەی زانیاریان کەمترە.

Krassa, M.A (1990)، ڕوونیدەکاتەوە کە کەسانی پڕ زانیاریی کراو بەشێوەیەکی گشتی بەسەنتەری دیموکراسیی دانراون، کەسانی پسپۆڕ، تیۆریستەکان و سیاسییەکان، هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی کەسانی پڕ زانیاریی سیاسیی، توانای هەڵبژاردنی سیاسییان باشترە. ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئاستی زانیاریی سیاسیی گۆڕانکاری بەسەردادێت و زۆرجاریش ئاستی خوێندن و داهات و حەزو خولیا ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەمانەوەو گەشەکردنی ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان. هەروەها خوێندنەوەو گوێگرتن لەهەواڵ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان، هەروەك ژینگەش یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکان، ژینگەی گەورە لەوانەیە کاریگەری زۆرتری هەبێت لەسەر زانین و ئاستی زانیاریی تاکەکان دەربارەی حکومەت و سیاسەت. هەروەها شوێنی بۆنەو ڕووداوە سیاسییەکان بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان دەبێت، بۆ نمونە ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکان کاریگەرییان زۆرترە. لەدەرئەنجامیش دەرکەوتووە کە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر زانیاری.

Stephen A. Jessee(2010)، باس لە کاریگەری ڕادەو ئاستی زانیاری دەکات لەسەر لایەنی لایەنگیری ئایدۆلۆژی دەنگدەران لەپڕۆسەیەکی سیاسیی وەك هەڵبژاردن لەسەر هەڵبژاردە سیاسییەکان، پێیوایە ئەو دەنگدەرانەی کەم زانیارین زۆرتر دەکەونە ژێر هەژموونی لایەنگیریی ئایۆدۆلۆژی پارتە سیاسیەکانەوە، بەپێچەوانەوەش ئەو دەنگدەرانەی پڕ زانیارین کەمتر دەکەونە ژێر هەژموونی لایەنگیریی ئایدۆلۆژی پارتە سیاسییەکان، هەرچەندە لەناو دەنگدەرانی پڕ زانیاریش لایەنگیری بوونی هەردەمێنێت بەرێژەیەکی جیاواز.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

b. هزری سیاسیی:

هزری سیاسیی یاخود فیکری سیاسیی، بنەمایەکی گرنگی زانینی سیاسییەو یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی زانینی سیاسیی، John Edward Bowle, Richard J. Arneson(2017) ، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا ڕوونیدەکەنەوە کە بەپێی سەرچاوە زانستیەکانیش ڕوونبۆتەوە یەکەم کار کە لەسەر هزری سیاسیی کرابێت و وەك سەرچاوەیەکی بنچینەیی بەکاردەهێنرێت دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی کۆماری ئەفلاتون، کە بەیەکەمین سەرچاوەی هزری سیاسیی ئەوروپی دادەنرێت، کە هزری (ئەفلاتون) لەدەوڵەت و یاساکانی دەوڵەتەکەی بەناوی (کۆمار) ڕەنگدەداتەوە، ئەوەش بەیەکەمین یۆتۆپیا، و بەیەکەم هەنگاوی فەیلەسوفێکی ئەوروپی دادەنرێت کە هەوڵی دروستکردنی ژیانی سیاسیی داوە. دواتریش (ئەرستۆتالیست) لەکتێبی (سیاسەت) باس لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی سیاسەت دەکات، ئەوەش بە مێژووی سەرەتای هزریی سیاسیی دادەنرێت. تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەدەکاتی (١٦) بۆ (١٨) و (نیکۆلا مێکیاڤێلی و تۆماس هۆبس و سپینۆزا و جۆن لۆك) و چەند تیۆریست و فەیلەسوفێکی تر دیارترین فەیلەسوف بوونە لەگەشەپێدانی هزریی سیاسیی لەخۆرئاوا، تا دەگاتە سەدەی (١٩) و گەشەکردنی هزریی سیاسیی ئەمەریکایی لەسەردەمی (تۆماس جیفرسۆن)، هەروەك لەهەمان سەدەدا هزری سیاسیی ئەوروپا لەسەر دەستی فەیلەسوفانی وەك (هیگڵ و مارکس و ئەنگڵس) گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

هزریی سیاسیی، جۆرێکی بڵندی دەستکەوتی ڕۆشنبیری نوێنەرایەتی دەکات، هەروەکو جۆرەکانی دیکەی هزریی فەلسەفی، لەگەڵ ئەوەشدا حەزو بەهایەکی تەواوی کرداری هەیە لەگەڵ هەموو بنەماکانیدا. هەروەها هزریی سیاسیی نەمایەکی گرنگی بیرۆدزی سیاسی سەرۆکایەتییەو پێیوایە کە هزریی سیاسیی لەرابردوودا پێویستە بۆ تێگەیشتن لەسیاسەتی ڕۆژو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆتاییشدا رونیدەکاتەوە، کە هزریی سیاسیی دەستکەوتێکی گەورەی هزرییە (Gettell, R.G 1923).

Strauss, L (1959)، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (هزرو فەلسەفەی سیاسیی) ڕوونیکردۆتەوە، کە بوونی هزری سیاسیی باش، بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی باشە، ئەم بۆچوونەی نوسەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە سەرەتا فیکری سیاسیی لە ئەسیناوە سەریهەڵداوەو لەو زەمەنەوە هزریی سیاسیی کاری بۆ ئەوەکردوە کە پارێزگاری یاخود گۆڕانکاری لەکۆمەڵدا بکات، هەموو چالاکیە سیاسییەکانیش کار بۆئەوە دەکەن بارودۆخەکان باشتر یاخود خراپتر بکەن، زانینە سیاسیەکانیش لە بنەڕەتدا بۆئەوەن کە ژیان و کۆمەڵ باشتر بکەن. هەروەك باس لەوەشدەکات، کە هزری سیاسیی لقێکی فەلسەفەیەو پێناسەو ناساندنی زۆر هەن بۆ هزری سیاسیی.

PUNTAMBEKAR, S. and Puntambeker, S.V (1951)، پێیانوایە کە ئەوە هزریی سەردەمییە کە تێیدەڕوانین، نەك هزریی ڕۆشنبیرێك، هزریی سیاسیی جیاوازە لە تیۆری سیاسیی، تیۆری سیاسیی تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیرو تیۆریستە، کە لەوانەیە دوور مەودابێت لەو ڕاستیەی کە تێیدا دەژین، بەڵام هزریی سیاسیی لە فەلسەفە لەدایکبووە لەدەرەوەی تیۆرو تەمەنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. کە شێوازو چالاکی ژیان ڕێکدەخات. هەروەها تیۆری سیاسیی ڕۆشنبیری تاکیە، بەڵام هزریی سیاسیی هزریی گشتی کۆمەڵەو دەتوانێت ژیانی سیاسیی ڕێکبخات. هەروەك (John Edward Bowle, Richard J. Arneson. 2017) لە ئینسکلۆپیدیای


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بریتانیاکادا هزری سیاسیی بەو شێوەیە پێناسە دەکەن، کە لقێکە لە فەلسەفەو پەیوەستە بە بەرزترین ئاستی ئەبستراکتەوە، لەگەڵ چەمك و ئارگیومێنتی پەیوەست بە رای سیاسییەوە. هەروەك چەمکی سیاسەت بۆخۆی گەورەترین کێشەی هزری سیاسییەو کە هەموو فەرمانگەو دامودەزگاکانی پەیوەست بە حکومەت لەخۆدەگرێت. لێرەدا روندەبێتەوە، کە سەرچاوەی زۆرو بیروبۆچوونی پسپۆڕانی فەیلەسوفی جیاواز هەیە دەربارەی هزریی سیاسیی کە لێرەدا بەکورتی ژمارەیەکیان ئاماژەیان پێکراوە بۆ روونکردنەوەی چەمکی (هزریی سیاسیی)، کە کۆی رایەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هزری سیاسیی یاخود فەلسەفەی سیاسیی، هزرو بیری کۆمەڵە بۆ چالاکی و رووداوە سیاسییەکان و پێگەو رۆڵی گرنگی هەیە لە پرۆسە سیاسییەکاندا.

C. شیکردنەوەی سیاسیی:

شیکاری سیاسیی یەکێکە لەپێکهاتەکانی زانینی سیاسیی و گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە دروستکردنی زانینی سیاسییدا. بیروبۆچون و پێناسەی جیاواز هەن بۆ شیکاری سیاسیی کە لێرەدا بەکورتی باس لەهەندێ پێناسەو تێڕوانینی گرنگی پسپۆڕانی بوارەکە دەکەین دەبارەی شیکاریی سیاسیی.

Sarah Joseph(١٩٩١)، رووندەکاتەوە، کە مەبەست لە شیکاری سیاسیی لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەو ستراکتۆری دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی، و زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵ و پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێناوەو دانوستاندن و وتووێژو بەرەنگاری کە بەشداری و بەرەوپێچوونەکانی ئەم ستراکتۆرە بەهێز دەکات و دەیانگۆڕێت. شیکاری سیاسیی بریتیی نییە لەتێڕوانینی پسپۆڕان و زانایانی بواری سیاسەت بەتەنیا بەڵکو تێڕوانینی زۆر بوارو پسپۆڕی تریش لەخۆدەگرێت. لێرەوە رووندەبێتەوە کە چەمکی کەلتور گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە شیکاری سیاسیی سەردەمی و مۆدێرندا، و شیکاری کەلتوریش هاوکارمان دەبێت بۆ شیکاری پرۆسەی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتی.

د. مهند العزاوی (٢٠١٧)، دەڵێت: شیکاری سیاسیی توانستەکانی هونەری کۆکردنەوەی زانست و شیکاری سیاسییە بەیەکەوە، هەروەها زانستە چونکە پشتدەبەستێت بە میتۆد و رێگەی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەو گەیشتن بە سەرنجراکێشترین دەرەنجام لە شیکاری سیاسیدا. هەروەها هونەرە، چونکە پشتدەبەستێت بە هێزی تێبینیکردن و ئەزموونی کەڵەکەبوی شیکەرەوانی سیاسیی. هەروەها شیکاری سیاسیی کارامەیی و توانستە، چونکە پشتدەبەستێت بە توانستی هزریی لە پرۆسەکانی لێکۆڵینەوەو شیکارکردندا.

**دووەم: رۆڵی راگەیاندن لە پێکهێنانی زانینی سیاسیدا:**

**١. زانینی سیاسیی و راگەیاندن:**

ئەمڕۆ ئێمە لەناو شۆڕشی راگەیاندندا دەژین، لەچوارچێوەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کە دەتوانێت چاودێری وەرگرتنی هەواڵ و روداو و واقیعە سیاسییەکان بکات، لەدوورترین شوێن لەجیهان. راگەیاندن ئەمڕۆ روویەکی تری سیاسییە چونکە ناتوانین بیربکەینەوە کە راگەیاندنێك هەبێت بەبێ ئامانج و مەبەست و ئامانجی سیاسیی کە هەوڵدەدات لەرێگەیەوە هەواڵ و شیکردنەوەو بەرنامە سیاسییەکان وەکو ماددەی بەسودو بنەڕەتین بۆ راگەیاندن و هەموویان بەیەکەوە زانینی سیاسیی دروست بڵاودەکەنەوە. (السيد احمد مصگفى عمر، ٢٠٠٢)، هەر لەوبارەیەوە حازم الحمدانی (٢٠١٠)، پێیوایە کە راگەیاندن کاردەکات لەسەر دروستکردنی تێگەیشتنی زانینی

سیاسیی لەچوارچێوەی پێویستیەکانی تاك بۆ زانینی سیاسیی، کە هاوکاری دەکات لەتێگەیشتنی. دنیس مکویل (١٩٩٢)، ڕوونیدەکاتەوە کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەبنە هۆی بەرهەمی بەردەوام و گواستنەوەی هەموو جۆرەکانی زانینی سیاسیی بۆ کۆمەڵ، لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی.

هەروەها هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام هزری مرۆڤ بە زانینی سیاسیی و ئایدۆلۆژیا ئاودەدەن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاك. (حنفی عوج ٢٠١٠). هەروەك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروڕاو هەڵوێستی سیاسیی دەبێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. (احسان محمد الحسن ١٩٨٤).

هەندێك پێیانوایە، هەموو ئەو شتانەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشدەکرێن، زانینی سیاسییەو ئاستی وەرگر زیاددەکات، بەڵام ئەوان بیریانچووە کە دەزگاو چینی دەسەڵات و حاکم هەیە کە هەندێکجار بە نهێنی کاردەکات، بۆئەوەی ئەو پەیامەی مەبەستییەتی بەدیبهێنێت لەسەر حسابی بابەتیبوونو پیشەیی ڕاگەیاندن. (بسام عبدالرحمن المشاقبە، ٢٠١١).

هەروەها ئامانجی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەرنامەو هەواڵە سیاسیەکان ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی ڕوداوە سیاسییە ساردو گەرمەکان لەیەك ئاست، کە دەبێتەهۆی زۆربوونی زانینی سیاسیی، کە دەیەوێت لە ڕێگای ئەم ڕۆڵەوە بگاتە ئاستێکی هۆشیاری لەو ڕوداوانەی، کە لە دەوروبەرمان ڕودەدەنو جیاوازن لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

زۆربونی هەواڵ و زانیاری دەبێتەهۆی زیادبونی زانینی سیاسیی، هەرچەندە ڕاگەیاندن زۆرجار ئەمجۆرە لە زانین پشتگوێدەخەن، بەڵام بە تەواوی نا (دومینیك وولتون، ٢٠١٢)، هەروەك مجد الهاشمی-یش (٢٠٠٩) دەڵێت: "بەکارهێنانی ڕوپۆش هەندێکجار ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گۆڕانکاری بیروباوەڕی خەڵك، بۆ نموونە لە باشییەکانی هەڵبژاردن".

زانینی سیاسیی لای تاکەکان تەنیا لە زانینی سیاسیی ناوچەیی دیاریکراو کۆناکرێتەوە، لە چوارچێوەی ئەو پێشکەوتنەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوبونەوە بەسەریاندا هاتووە، بەڵکو کراوەتەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەو گرنگیدان بە قەیران و کێشە نێودەوڵەتیەکانیش بۆتە ئەرکێکی گرنگی هۆیەکانی ڕاگەیاندن (محمود عودە، ١٩٨٩). ململانێکانی بریتانیاو ئەرژەنتین لەسەر دورگەکانی فۆکلاند ساڵی (١٩٨٢) لەململانێی نێوان دوو دەوڵەت گواسترایەوە بۆ کێشەیەکی جیهانی. چونکە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گرنگی زۆریان بەڕوماڵ و گواستنەوەی زانیارییەکاندا دەربارەی ئەو کێشەیەو تا بوو بەهۆی ئەوەی وەك کێشەیەکی جیهانی سەیری بکرێت. (علام خالد السرور و سؤدد فؤاد الالوسي، ٢٠١٢).

مجد الهاشمی (٢٠٠٩)، بەو شێوەیە ڕۆڵ و گرنگی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە پێدانی زانینی سیاسیی لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە دیاریکردووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕێژەیەکی زۆری وەرگریان هەیە لە خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیر.
٢. متمانەی وەرگران بەو هەواڵ و زانیاریانەی لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشدەکرێن.
٣. هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە بەردەوامی هەوڵدەدەن، سەرنجی وەرگرو زۆرترکردنیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لە چوارچێوەی ئەوەی بەشێوازی جیاواز لە هونەری ڕاگەیاندن پێشکەشیدەکات، کە هەندێکجار پەیامەکان بێ ناوەڕۆکی سیاسیین، بەڵام بێ ئاماژەی سیاسیی نین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤. ئەو ڕێژە زۆرەی زانیاریی کە پێشکەشدەکرێت و وا لە وەرگر دەکات باوەڕ بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بکات، لەوانەیە توانای جیاکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی نەبێت.

مجد الهاشمی دەشڵێت: "زانین و زانیارییەکان دەمێنێتەوە، کە بڕیاری ڕاست و هەڵەیان لەسەر بدەین، کە خۆی لە هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی و خەزێنەی زانینی مرۆڤایەتی دەبینێتەوە، هەندێکجار ڕێگەیەکی تایبەت لە ئەوانیتر لە ژیان دەگرێتەبەر لەسەر بونی چەندایەتی و چۆنایەتیی زانینی بەردەست، بەڵام زانینی سیاسیی بەشێکە لە زانینی گشتی، کە تایبەتمەندە بە بوارێکی دیاریکراو کە سیاسەتە، و تاك لە ڕێگەیەوە هەوڵی بەدیهێنانی وێنەیەکی ڕوون لەسەر خودی خۆی و دەوروبەرو جیهان بزانێت، دواتر ڕەهەندی زانین ڕەهەندێکی گرنگ و ژیارییە، چونکە زانیاریی و بیروباوەڕو هەواڵ کە وەریدەگریت دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کارامەیی زانین."

ئەوەشی ئاماژە پێداوە، کە زانینی سیاسیی، بەشێکە لە هۆشیاریی سیاسیی، لە هەمانکاتدا بنەمای ڕۆشنبیریی سیاسیی و ئەنجامی پێگەیاندنی سیاسییە، هەندێکجار بەرهەمی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی و بینای بیروباوەڕی سیاسییە، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بارودۆخی بەردەوام کە تاك تێیدایەو ئەوەی لە دەوروبەری ڕوودەدات، بەهۆی شۆڕشی نوێی پەیوەندی، کە دەرگای کردۆتەوە بۆ توێژەران و وەرگران لە یەککاتدا ڕەنگدانەوەی ژینگەی سیاسییە، واتە وێنەی ڕووداو و ململانێ و کارلێکە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانە لەسەر ئاستی سیاسیی، لە پێشکەشکردنی ڕووداو و هەواڵ و زانیاریی و بیروباوەڕەوە دەستپێدەکات، بە شێوەی بەردەوام. هەندێکجار بەهۆی گرنگیی ئەم هۆکارانە لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەم هۆیانە یان سیستمی سیاسیی دەقۆزرێتەوە بۆ ئاڕاستەکردن و بەسیاسیکردنی ئەو وێنەیەی ئەوان دەیانەوێت، نەك ئەوەی خەڵك دەیەوێت.

Kim, Y.M. and Vishak, J (2008)، باس لەوەدەکەن، بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگییەکی زۆر بە هەواڵ بە گشتی، و بە تایبەتیش هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەدرێت، توێژەران بۆیان دەرکەوتووە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتیش تەلەڤزیۆن سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی زانیاریی سیاسیین، بۆ زۆربەی دەنگدەرانی ئەمەریکا، بە تایبەتتریش ( Entertainment Media) واتە ڕاگەیاندنی کاتبەسەربردن، ڕۆڵ و کاریگەریی زۆر لەسەر بەشداریی گەنجان دروستدەکات لە پرۆسە سیاسییەکاندا، بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەکاندا. هەروەك ڕوونیشیکردۆتەوە، کە ( Entertainment Media) ناتوانێت پەروەردەی وەرگر بکات، بەڵام توانای زۆری دروستکردنی کاریگەریی کاتی هەیە لەسەر وەرگرانی گەنج، بەڵام بە پێچەوانەوە نکوڵی لە کاریگەریی و ڕۆڵی هەواڵەکانی ڕاگەیاندن ناکرێت لەسەر وەرگران و گەشەکردنی زانیاریی سیاسیی لایان. هەروەك (Happer, C. and Philo, G (2013، پێیانوایە ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پێدانی زانیاری بە وەرگران دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی خەڵك توانای وەرگرتنی زانینی ڕاستەوخۆو ئەزموونکردنیان نییە، یاخود ڕێگەیان پێنادرێت، بۆیە هەمیشە پشت بەراگەیاندن دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاریی، لێرەوە ڕاگەیاندن پێمان ناڵێت چۆن بیربکەینەوە، بەڵکو خەڵك هەرگیز بەبێ ڕەخنە پەیامەکانی ڕاگەیاندن وەرناگرن. بەڵام ڕاگەیاندن


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

کلیله بۆ دانانی ئەجێنداو ئاڕاستەکردنی تێڕوانینی جەماوەر دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. هەربۆیە ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گواستنەوەی زانیارییەکان.

هەروەك (Aarts, K. and Semetko, H.A (2003، لەتوێژینەوەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆر لەو توێژینەوانەی لەئەمەریکا ئەنجامدراون و پشتیان بە کۆکردنەوەی داتا بەستووە دووپاتی کاریگەریی نێگەتیڤی ڕاگەیاندن دەکەنەوە لەسەر ئاڕاستە سیاسییەکان، لە ناوەڕاستی ساڵانی (١٩٧٠) و سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)کاندا هەواڵەکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەتیش هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو بەگەشەکردنی پەتا سیاسییەکان، ئەوەش بەهۆی گرنگیدان نەبوو بەهەواڵە خراپ و نێگەتیڤەکانی پەیوەست بەناتوانستی سیاسیی و ئابڕوچونەکان و گەندەڵییەوە، تەنانەت لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی (١٩٦٠ - ١٩٩٢)ی ئەمەریکا کەمپەینە هەواڵییەکان نێگەتیڤ بون، و زیاتر شیکاری بون لەوەی وەسفی بن، هەروەها زیاتر گەمەی ناڕێکخراوبون لەوەی سیاسەتی داڕێژراوبن، هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی ئەوەبوو، کە سیاسییەکان دەیانەوێت چی بڵێن. بە کورتی پێیوایە، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی نێگەتیڤی هەبوو و کەمتر گرنگی بە گواستنەوەی گوتاری سیاسیی سیاسییەکان دراوە لەو سەردەمەدا.

ڕوونیشیدەکەنەوە، کە هەندێ توێژینەوەی تر ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنیی هەبووە لە بەشداریی سیاسیی و چالاکییە مەدەنییەکان و زانینی سیاسیی و گفتوگۆو دیبەیتی سیاسیی، هەروەها لە گەشەپێدانی ئایدۆلۆژیا لە چەند وڵاتێکی جیاواز لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەش بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندنەوە بووە، بە تایبەتیش ڕۆڵی بەرۆشنبیرکردنی تەلەڤزیۆن. دەریشکەوتووە، کە سەیرکردنی هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکان لە وڵایە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بریتانیا کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی و چالاکیی کەسیی لەو وڵاتانەدا.

(Weaver, D.H (1996 ، لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی ئەوەی دەنگدەران چی لە ڕاگەیاندنەوە فێردەبن دەڵێت: "پەروەردەکردنی دەنگدەران وەك ڕەهەندێکی کاریگەری ڕاگەیاندن سەیردەکرێت، هەروەك کاریگەری ڕاگەیاندن لەماوەی سەدەی ڕابردوودا جێگەی مشتومڕی زۆرێك لەپسپۆڕان و هاووڵاتیان و سیاسییەکانیش بووە، بەتایبەتیش لەدوای بەکارهێنانی پڕوپاگەندە لەڕاگەیاندندا لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و دواتریش ئەو ڕێژە زۆرەی ڕێکلام، کە بۆ کاندیدەکان دەکرا، ئەو گرنگیپێدانەی کاریگەریی ڕاگەیاندنیش لەو کاتەوە زیادیکرد، دوایئەوەی لەساڵی (١٩٥٠)کانەوە بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن بە ڕێژەیەکی زۆر زیادیکرد".

هۆکاری زۆر هەن لە پشت بەهێزبوونی کاریگەریی ڕاگەیاندن، کە گرنگترینیان پەیوەست بووە بەگۆڕینی خوێندن و لێتوێژینەوەی ڕایگشتی بۆ فێرکردن. توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری گرنگی لەسەر کۆمەڵ هەیەو بەتایبەتیش لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەو کاریگەرییەش دەگۆڕدرێت و لەزۆربەی بارودۆخەکاندا کاریگەرییەکی کورتخایەنە، لەگۆڕینی بیروڕای خەڵك و ڕایگشتی، و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان.

لێرەوە دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی زۆر ڕۆڵ و کاریگەریی دروستدەکات لەسەر دروستکردن و زیادکردنی زانینی تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش دەربارەی بابەتە سیاسییەکان و لەکاتی پرۆسە سیاسییەکانی وەك هەڵبژاردندا وەك سەرچاوەیەکی زانین دەبێتە هۆی زیادکردنی زانینی سیاسیی خەڵك


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەربارەی پرۆسە سیاسییەکان، کاندیدەکان، پارتە سیاسییەکان، پرۆگرامی کاندیدەکان، زانیاری دەربارەی سیاسییەکان، زانیاریی پەیوەست بە حکومەت و سیاسەتی حکومەت.

هەروەك Kotze, H.J., 1986 رونیدەکاتەوە کە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەو هۆکارانەی رۆڵی راگەیاندن لەسەر پرۆسەی گەشەی سیاسیی دیاریدەکات لە زانستی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراون، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. راگەیاندن، بەربلاوترین سەرچاوەی زانیاریی سیاسییە لەناو هەرزەکاران و منداڵاندا لەزۆربەی کەلتورەکاندا.

٢. ئارگیومێنتێکی گشتگیر هەیە کە دەڵێت راگەیاندن کەمترین کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی – سیاسیی هەیە. لەوبارەیەوە ئارگیومێنت هەیە کە دەڵێت: سەرکردەکانی را هەمیشە خۆیان لەنێوان راگەیاندن و وەرگراندا دەبیننەوە، بەواتایەکی تر، پەیامی راگەیاندن کاتێك دەگاتە وەرگر کە کارلێکی لەگەڵ رای تر کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ خێزان، خوێندنگە یاخود گروپی تر. لەلایەکی تریشەوە بەڵگە هەیە کە وەرگر راستەوخۆ دەتوانێت بەپەیامە میدیاییەکە بگات، بەڵام ئەو پەیامە رەتدەکرێتەوە ئەگەر زانیاریی ناو پەیامەکە گونجاو و هاوتا نەبوو لەگەڵ بیروباوەڕی وەرگرەکە. دەرئەنجامیش لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە رووندەکاتەوە کە راگەیاندن رۆڵێکی کەمی هەیە لە گەشەی کۆمەڵایەتی – سیاسیی.

٣. ناتوانرێت مەزەندەی رۆڵی راگەیاندن بکرێت، لە گواستنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەوەش دەرکەوتووە کە راگەیاندن دەتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رۆڵی هەبێت لەگواستنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکاندا، هەروەك چۆن لەنێوانی ساڵانی (١٩٦٠ – ١٩٧٠)، راگەیاندنی ئەمەریکی توانی رۆڵی هەبێ لەزیادکردنی نوێنەری کەمە نەتەوەکان و رۆڵی ئەرێنی ببینێت لە ئاشناکردن و تێکەڵاوکردنی کەمایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵی ئەمەریکی.

Kotze پێشیوایە بەشێوەیەکی گشتی بەشێك لەپسپۆڕان و توێژەران ئەوەی ئاشکراکردووە کە راگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی پێویستی بە پرۆسەی دانانی کاریگەریی درێژخایەن هەیە، بەڵام رای جیاواز لەوبارەیەوە هەیەو بەشێکیش لەپسپۆڕان دەڵێن راگەیاندن دەتوانێت لەرێگەی پرۆسەی کاریگەری کورت خایەنەوە رۆڵ و کاریگەریی خێرای هەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەکۆمەڵدا.

(Ladd, J.M (2010، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە راگەیاندنی نوێ رۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت لەدیموکراسیمی مۆدێرندا، خەڵك پشت دەبەستێت بەراگەیاندن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی چالاکی و پرۆپۆزەلی سیاسییەکان. بەو واتەیەی راگەیاندن سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاریی سیاسییە بۆ خەڵك بۆیەشە هەمیشە وەك ناوەندێکی وەرگرتنی زانیاریی پشتی پێدەبەسترێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو فۆڕمەکانی راگەیاندن وەك رادیۆ و چاپەمەنی و تەلەفزیۆن، کە بە فۆڕمی گشتی و کۆنی راگەیاندن ناسراون کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پێکهێنانی زانینی سیاسیی لەناو کۆمەڵەکاندا لەدنیادا. لەو روانگەیەوە (Peter Clarke and Eric Fredin(1978 ، روونیدەکەنەوە کە هەواڵەکانی راگەیاندن وەك سەرچاوەیەکی بەهێز توانای پەروەردەکردن و فێرکردنی گشتیان هەیە لەناو خەڵکدا بۆئەوەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەروەردەیان بکەن بۆ هەڵبژاردە سیاسییەکانیان. دەشڵێن: تاکی بێ زانیاریی هەمیشە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ڕێساو یاساکان و دەنگدان بەکاندیدەکان دەدات.
(1978) Atkin, C.K. and Gantz, W -یش ئەوە دەخەنەڕوو کە بەشێکی زۆر لەتوێژینەوەکان دەریانخستووە کە منداڵان ڕەفتاری زۆر فێردەبن لەبەرئەنجامی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، هەروەك ژمارەیەك توێژینەوەش تیشکیان خستۆتە سەر ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەسەر پڕۆسەی سیاسیی، هەردوو جۆری پڕۆگرامی زانیاریی و کات بەسەربردن، کاریگەری زۆریان دەبێت لەسەر منداڵان بۆ دروستبوونی کاراکتەری سیاسیی. تا ساڵانی (١٩٧٠)ش زۆربەی توێژەران وا تەماشای ڕاگەیاندنیان نەدەکرد کە کاریگەری جدی هەبێت لەسەر پڕۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. ژمارەیەکی کەمی توێژینەوە ڕاگەیاندنی جەماوەرییان وەك گۆڕاوی بنەڕەتی بەکارهێنا کە ڕۆڵی هەبووە لە پڕۆسەی فێربوونی سیاسیی، بەڵام لێکۆڵینەوە تازەکان دەریانخست کە ڕاگەیاندن کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر پڕۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیی سیاسیی.
بەپێی سەرچاوە زانستییە بەکارهاتووەکان لەم بەشەداو بەگەڕانەوە بۆ ڕای توێژەران لەبوارەکەدا ڕووندەبێتە کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر زانینی سیاسیی، لەکۆمەڵەکانداو بەتایبەتیش لەبەڕێوەبردنی پڕۆسە سیاسییەکاندا وەك کەمپەینەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان. ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر دەنگدەران و وەرگران بەشێوەیەکی گشتی دروست بکات لەڕێگەی پێدانی زانیاریی سیاسیی دەربارەی پرسە سیاسییەکان و پڕۆسە سیاسییەکان و کاندیدەکان و سیستمی حکومەت و پەرلەمان و ...هتد، ئەوەش تاکێکی پەروەردەکراوو پڕزانیاری دروست دەکات و وایلێدەکات بتوانێت بەشداری کارای سیاسیی هەبێت و هەڵبژاردەی سیاسیی دیاری بکات.

### ٢. ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە پێکهێنانی زانینی سیاسییدا:

زۆرێك لەتوێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە زانینی سیاسیی سەنتەری پڕۆسەی دیموکراسییە، هەروەك کۆکن لەسەر ئەوەی کە هاووڵاتیان لە سیستمە دیموکراسییەکاندا پێویستیان بە پڕزانیاریکردن هەیە، بۆ ئەوەی خاوەن زانین بن بۆ بەشداریکردن لە پڕۆسە سیاسییەکاندا. هەروەها ژمارەیەك توێژەریش پێیانوایە، کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی (Digital Media) و زانین و بەشداریی سیاسییدا بوونی هەیە، چونکە ئینتەرنێت وەك ئامڕازێکی سیاسیی سەیرکراوەو لەسەرەتاشەوە تەنیا لەلایەن حکومەت و سیستمە سیاسییەکانەوە بەکاربراوە، تا ئەوەی لەمانگی ئابی (١٩٩١)ەوە ڕێگە بە خەڵکی ئاسایی درا بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەها لە سەردەمی ئێستاشداو بۆ بەرەنگاربونەوەی سیستمە نادیموکراسییەکان هاووڵاتیان و گروپ و ڕێکخراوەکان تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردەبەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی و هۆشیاریی سیاسیی، بە ئامانجی دروستکردنی زانینی سیاسیی لەناو جەماوەرو هاندانیان بۆ بەشداریی سیاسیی، هەروەکچۆن لەساڵی (٢٠١٠)ەوە لەدوای ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە باکوری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی بەکاربراو ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگی هەبوو.
پێگە ئەلیکترۆنییەکان (وێب سایتەکان) ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەیە لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا لەناو جەماوەردا، لێرەدا هەوڵی ڕوونکردنەوەو شیکاری ئەو ڕۆڵە دەدەین، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دروستکردنی زانینی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتی دەبینن: لەو ڕوانگەیەوە توێژەرانی وەك ( Dimitrova, D.V., Shehata, A., Strömbäck, J. and Nord, L.W., 2014.)، جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو پەیوەندییە ئەرێنییەی لەنێوان ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پرۆسە سیاسییەکاندا هەیە بە تایبەتیش بەشداریی سیاسیی و زانینی سیاسییدا، هەروەك ڕوونیدەکەنەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زانینی سیاسیی و بەتایبەتیش لەکاتی کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا.

ئەوەش باس دەکەن کە بەکارهێنان و گرنگی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لەکەمپەینەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی هێواش گەشەی کردووە بەپێی کات، کە لەساڵی (١٩٩٢)ەوە بەکەمپەینی (کلنتن) دەستیپێکردووەو سەرەتا زانیارییەکانیان دەربارەی هەڵبژاردن و کاندیدەکان و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، بەشێوەیەکی کاتی و لەکەمپەینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەساڵی (٢٠٠٠)یشدا پێگەی ئەلیکترۆنی (وێب سایت)ی کاندیدەکان بوو بە ئامرازێکی گشتی کە زۆرێك لەپسپۆڕان بەیەکەمین (هەڵبژاردنی ئینتەرنێت)، ناوزەدی دەکەن. چونکە لەم کەمپەینەدا کاندیدەکان زانیارییە سیاسییەکانیان دەبارەی پڕۆفایلەکانیان و کارو پڕۆژەو دیبەیتەکانیان لەناو ئینتەرنێت بڵاودەکردەوەو ئاڕاستەی جەماوەرو دەنگدەرانیان دەکرد. لەساڵی (٢٠٠٤)یشدا کاندیدە سیاسییەکان بڕۆشەرەکانیان لەناو ئینتەرنێت بڵاودەکردەوەو پێیان دەگوت (بارەگای سەرکردایەتی ئەلیکترۆنی). کە وەك ناوەندێکی گرنگی گواستنەوەی زانیاریی کاندیدەکان تەماشا دەکراو ناوەندێکی گرنگی ئاڕاستەکردنی پەیامی سیاسیش بوو. هەروەك لەساڵی (٢٠٠٨)یشدا بەسەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مایکرۆ بلۆگەکان لەناو تۆڕەکانی مۆبایل بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و کاریگەر لەلایەن کەمپەینەکەی (باراك ئۆباما) بەکاربرا بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی ئۆباما.

لە ڕۆژگاری ئێستاشدا، هیچ کاندیدو پارتێکی سیاسیی لەئەمەریکا ناتوانێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات بەبێ ئامادەگی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ئەوەش یەکلاکراوەتەوە کە کاریگەری ئینتەرنێت بەهەموو ئاستەکانی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

هۆکاری زۆر هەیە بۆئەوەی لە سەردەمی ئێستادا زیاتر خەڵکی پشت بە ئینتەرنێت دەبەستێت بۆ بەشداریی سیاسیی و وەرگرتنی زانینی سیاسیی، لەوانە:

١. ئینتەرنێت دەرفەتی زۆرو هەمەچەشن دەڕەخسێنێت بۆ بەشداریی سیاسیی، بۆ نموونە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی سندوقی ئەلیکترۆنییەوە، دیبەیتە ئۆنلاینەکان، بلۆگەگان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەرفەتی زیاترن.

٢. بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان لەڕێگەی سندوقە ئەلیکترۆنییەکان نرخێکی هەرزانیان هەیەو کاتی کەمی تێدەچێت بۆ بەشداربووان و لەناو ماڵەکانیان دەتوانن دەنگبدەن.

٣. لەناو ئینتەرنێتدا دەتوانرێت چەندین سەرچاوەی جیاوازی زانیاریی بکەیتەوەو سوودی لێوەربگریت لەهەر کات و شوێنێك کە وەرگر بیەوێت.

٤. ئینتەرنێت زانیاریی دەوڵەمەندی دەربارەی سیاسەت و ژیانی مەدەنی پێشکەش دەکات، ئەوەش وەرگران زیاتر پڕزانیاریی دەکات دەربارەی پڕۆسە سیاسییەکان.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

٥. دەتوانرێت پانتایی گشتی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت دروستبکرێت بۆ گفتوگۆو دیبەیت دەربارەی پرسە سیاسییەکان.

٦. ئینتەرنێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان جەماوەر (وەرگران) یاخود دەنگدەران و کاندیدەکان و سیاسییەکاندا دروستدەکات، دەتوانرێت گفتوگۆ لەنێوانیان بەشێوەی ئۆنلاین و ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بکرێت و تەنانەت سیاسییەکان دەتوانن فیدباك بەدەستبهێنن لەجەماوەرەوە، ئەوەش کارلێکێکی سیاسیی گرنگ دروستدەکات.

(2000) Gibson, R. and Ward, S، چەند ئامانجێکیان دیاریکردووە کە پارتە سیاسییەکان لەرێگەی پێگە ئەلیکرۆنیەکانیانەوە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن:

١. پێدان و بلاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی سیاسەتی حزب و ڕێساکانی.

٢. کەمپەینی هەڵبژاردن، هەوڵدەدات زۆرترین دەنگدەر بەدەستبهێنێت.

٣. دروستکردنی نەوەی نوێ، و زیادکردنی ئەندامی تازە بۆ حزب.

٤. دروستکردنی پەیوەندی و بەهێزکردنی لەناو حزب و لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوە.

٥. هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردنی سیاسیی و بەشداریکردن لەپرۆسە سیاسییەکانیان و بۆنەو چالاکییەکانیان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کارلێککراو.

لەگەڵ چەندین ئامانجی تریش کە حزبە سیاسییەکان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن، لەرێگەی خستنەگەڕو گەشەپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان، کە جەوهەری ئامانجەکەیان بەرزکردنەوەی زانین و هۆشیاریی سیاسییە لەناو جەماوەردا بۆئەوەی بتوانن زۆرترین بەشداریی سیاسیی بکەن.

دەرئەنجام:

دوای تاوتوێکردنی گۆشەو ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتەکە لە ڕوی تیۆرییەوە، توێژەر بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشت، سەرەکیترینیان بریتیین لە:

١. ڕاگەیاندن بە جۆرە جاجیاکانییەوە، ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتنی زانینی سیاسیی لەنێو وڵاتو کۆمەڵەکاندا.

٢. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهێنانی زانینی سیاسیین بۆ جەماوەر بە گشتی.

٣. ڕاگەیاندن، وەکو ئامرازێکی گرنگ لە پرۆسە سیاسییەکانی وەکو کەمپەینی هەڵبژاردنەکان پشتی پێدەبەسترێت.

٤. ڕاگەیاندن بە ئامرازە جیاوازەکانییەوە، ڕۆڵی هەیە لە بلاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی لەناو جەماوەردا.

٥. پارتو کەسێتییە سیاسییەکان بە گشتی، پشت بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن، بۆ بلاوکردنەوەی پەیامو بەرنامەی سیاسییان.

٦. کاندیدەکان لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردنەکاندا زیاتر پشت بە ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەبەستن بۆ گەیاندنی بەرنامەو زانیارییەکانیان بە جەماوەر.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا، و ئامانجی سەرەکییشی، دەرخستنی ئاستی ڕۆڵی ڕاگەیاندنە لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا، تاکو لە ڕێگەیەوە، ئاستی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر پڕۆسەی بلاوکردنەوەی زانیاریی سیاسیی و دروستکردنی زانینی سیاسیی بزانرێت.

توێژینەوەکە، بە یەکێك لە توێژینەوە تیۆرییەکان هەژماردەکرێ، و پشتی بە کۆمەڵێ سەرچاوەی زانستی، وەکو کتێب، توێژینەوە، گۆڤارو سەرچاوەی ئەکادیمیی ئۆنلاین ..هتد بەستوە.

لە کۆتاییشدا، بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لە گرنگترینیان: ڕاگەیاندن بە جۆرە جاجیاکانییەوە، ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتنی زانینی سیاسیی لەنێو وڵاتو کۆمەڵەکاندا. و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهێنانی زانینی سیاسیین بۆ جەماوەر بە گشتی. هەروەها ڕاگەیاندن، وەکو ئامرازێکی گرنگ لە پرۆسە سیاسییەکانی وەکو کەمپەینی هەڵبژاردنەکان پشتی پێدەبەسترێت.

**Abstract**

This research focuses on the role of Media in formulating political knowledge; the main purpose of this research is to show the effect of the role of media in formulating the political knowledge. So from it, the effect of the role of media would be known on the process of publishing political knowledge and creating political knowledge.

This research is a theoretical study, which depends on various resources including:

books, academic journals, researches, and online resources.

At the conclusion, this research has obtained some objectives, the most important: Media general including all its types has role and effect on creating political knowledge in a country, communities, and media tools are important resources for creating political knowledge for the public generally. Moreover, media is an important tool in political campaigns, such as elections campaigns that depend on media.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## الملخص

**يخص هذا البحث دور الاعلام في تكوين المعرفة السياسية، وهدفه الرئيسة هو كشف مستوى دور الاعلام في تكوين المعرفة السياسية، لكي نتعرف من خلاله على تأثير الاعلام في عملية نشر المعلومات السياسية وتكوين المعرفة السياسية.**

**يعد البحث من أحد البحوث النظرية، ويعتمد على مجموعة من المصادر العلمية، ككتب، بحوث، مجلات ومصادر الكترونية أكاديمية.. الخ.**

**ووصل في النهاية الى عدة نتائج، من أهمها: الاعلام بكافة أنواعه له دور وتأثير على تكوين المعرفة السياسية في البلدان والمجتمعات. ووسائل الاعلام مصدر مهم لتكوين المعرفة الساسية للجمهور عامة. ويُعتمد عليه في العمليات السياسية كوسيلة مهمة في الحملات الانتخابية مثلا.**



## سەرچاوەکان:

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

١. اسعد علي، معرفة الله والمكزون السنجاري،المجلد الاول، بيروت : دار الرائد العربي،١٩٧٢،ص٢١٠.
٢. سعيد اسماعيل صيني،قواعد اساسية في البحث العلمي، بيروت : مؤسسة الرسالة ،١٩٩٤،ص١٣.
٣. محمد عابد الجابري، بنية العقل العربي(دراسة تحليلية نقدية لنظم المعرفة والثقافة العربية)،ط٦، بيروت : مركز دراسات الوحدة العربية ،٢٠٠٠، ص٢٥١.
٤. عبد الحليم محمود السيد، علم النفس الاجتماعي والاعلام (المفاهيم الاساسية)،ج١، القاهرة : دار الثقافة،١٩٧٩، ص١٧٣.
٥. ابراهيم ابراهيم هلال، نظرية المعرفة الاشراقية واثرها في النظرة الى النبوة ،القاهرة : دار النهضة العربية،١٩٧٧،ص٥٣.
٦. سعد غالب ياسين،نظم ادارة المعرفة ورأي المال الفكري العربي، ابو ظبي : مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية ،٢٠٠٧، ص١٥.
٧. سعد غالب ياسين ، مصدر سابق ، ص ١٦.
٨. علي جبار الشمري. 2009. الانترنت وتشكيل الوعي المعرفي العلمي، مجلة الباحث الاعلامي،كلية الاعلام جامعة بغداد، مجلة الباحث الاعلامي :الاصدار 6 :الصفحات 108-82.
٩. سعد غالب ياسين، مصدر سابق ، ص ٩.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٠. ينظر كل من :

- حسن حنفي واخرون،المعرفي والايدلوجي في الفكر العربي المعاصر، بيروت : بحوث ومناقشات الندوة الفكرية التي نظمها مركز دراسات الوحدة العربية،٢٠١٠، ص ١١.
- ابراهيم عثمان وسالم ساري، نظريات في علم الاجتماع، القاهرة : الشركة العربية المتحدة، ٢٠١٠، ص ٥.

١١. صموئيل هنتنغتون،صدام الحضارات واعادة بناء النظام العالمي،ترجمة/مالك عبيد ابو شهيرة ومحمود محمد خلف طرابلس: ،الدار الجماهيرية ،١٩٩٩،ص ٢٣٧.

١٢. سعيد اسماعيل صيني، مصدر سابق ص ٢٧.

١٣. قيصر كريم حسن، دور التلفزيون في تشكيل الوعي السياسي لدى الجمهور،رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى كلية الاعلام جامعة بغداد،٢٠١٢،ص٧٠.

١٤. ينظر الى كل من :

- عبد الهادي الفضلي، رأي في السياسة، بيروت : دارالرافدين للنشر،٢٠١٠،ص١٣،
- ج.ن.ليبنتز،ابحاث جديدة في الفهم الانساني(نظرية المعرفة)، القاهرة : دار التوفيق النموذجية ،١٩٨٣،ص ص٩٦-٩٧.
- - محمود ابو الفيض المتوفي الحسيني،المعرفة العظمى(المكونة للخط المستقيم بين العلم والفلسفة والدين)، القاهرة : دار النهضة، ١٩٧٠،ص ص٩٧-١٠٠.
- يسرى خالد ابراهيم،وسائل الاعلام الالكترونية ودورها في الانماء المعرفي،عمان: دار النفائس ،٢٠١٤، ص٧٣.======

١٥. ينظر كل من :

١٦. داود هاشم داود ال ابراهيم،فكرة التقدم في الرسالة الاتصالية،اطروحة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الاعلام جامعة بغداد٢٠٠٣ ، ص٢٣٢.

١٧. محمد علي محمد،اصول الاجتماع السياسي، الاسكندرية : دار المعرفة الجامعية ،١٩٨٠،ص١٦٣.

١٨. طه عبد العاطي نجم وانور بن محمد الرواس، العلاقة بين تعرض الشباب العماني لوسائل الاعلام الجديدة ومستوى المعرفة السياسية،مجلة دفاتر السياسية والقانون ،مسقط : العدد الرابع ،كانون الثاني ،٢٠١١،ص ص ٤٦-٤٨.

١٩. موسى عبد الرحيم حلس، دور وسائل الاعلام في تشكيل الوعي الاجتماعي لدى الشباب الفلسطيني، مجلة جامعة الازهر في غزة، سلسلة العلوم الانسانية،٢٠١٠،المجلد ١٢،العدد١، ص ١٣٦.

٢٠. ينظر كل من :

- عبد الحسن الحسيني،التنمية البشرية وبناء مجتمع المعرفة، بيروت : الدار العربية للعلوم ناشرون ،٢٠٠٩،ص١٤٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- ملحم قربان،خلدونيات: نظرية المعرفة في مقدمة ابن خلدون (دراسات ناقدة في الاجتماع السياسي ، بيروت : المؤسسة الجامعية ،١٩٨٥،ص١٤.

٢١. حازم الحمداني،الاعلام الحربي والعسكري ، عمان: دار اسامة،٢٠١٠، ص٣٢.

٢٢. دنيس مكويل،الاعلام وتاثيراته (دراسات في بناء النظرية الاعلامية)،ط١،ترجمة عثمان العربي،عمان : بدون دار نشر،١٩٩٢،ص٢.

٢٣. حنفي عوض،علم الاجتماع السياسي، القاهرة : المكتب الجامعي الحديث، ٢٠١٠، ص ٣٦١.

٢٤. احسان محمد الحسن،علم الاجتماع السياسي، الموصل : مطبعة جامعة الموصل،١٩٨٤،ص١١٣.

٢٥. دومينيك وولتون،الاعلام ليس تواصلاً، بيروت : دار الفارابي ،٢٠١٢،ص١٣٦.

٢٦. مجد الهاشمي،الاعلام الدبلوماسي السياسي ، عمان : دار اسامة ،٢٠٠٩،ص ٦٣.

٢٧. محمود عودة، اساليب الاتصال والتغيير الاجتماعي،ط٢، الكويت : ذات السلاسل ،١٩٨٩، ص٣٩٣.

٢٨. علام خالد السرور وسؤدد فؤاد الالوسي،وسائل الاعلام والصراعات السياسية، عمان : دار اسامة ،٢٠١٢،ص ٤٠.

٢٩. مجد الهاشمي ، مصدر سابق، ص٧٣.

**گۆڤار:**

٣٠. د. مهند العزاوي. ٢٠١٧. التحليل السياسي فن وعلم ومهارة. صحيفة المثقف. تصدر عن مؤسسة المثقف العربي. **العدد** 3972 **:المصادف :**الجمعة ٢١ - ٠٧ - ٢٠١٧م.
http://www.almothaqaf.com/qadaya2015/889347.html

## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:

**کتێب:**

1. Cheryl Boudreau and Arthur Lupia. 2011. **Political Knowledge.** *The Cambridge Handbook of Experimental Political Science.* Cambridge University Press, 2011.
2. Strauss, L., 1959. *What is political philosophy? And other studies*. University of Chicago Press. P 10
3. PUNTAMBEKAR, S. and Puntambeker, S.V., 1951. TWENTIETH CENTURY POLITICAL THOUGHT. *The Indian Journal of Political Science*, *12*(1), pp.30-41.
4. Joseph, S., 1991. Culture and political analysis in India. *Social Scientist*, pp.48-62.
5. Tansey, S.D., 2004. *Politics, the Basics*. Psychology Press.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

6. Howard, P.N., Duffy, A., Freelon, D., Hussain, M.M., Mari, W. and Maziad, M., 2011. Opening closed regimes: what was the role of social media during the Arab Spring?.

گۆڤار:

7. Kaufhold, K., Valenzuela, S. and De Zúniga, H.G., 2010. Citizen journalism and democracy: How user-generated news use relates to political knowledge and participation. *Journalism & Mass Communication Quarterly*, *87*(3-4), pp.515-529.

8. Shaker, L., 2009. Citizens' local political knowledge and the role of media access. *Journalism & Mass Communication Quarterly*, *86*(4), pp.809-826.
9. Ronald D. Lambert, James E. Curtis, Barry J. Kay and Steven D. Brown (1988). The Social Sources of Political Knowledge. Canadian Journal of Political Science / Revue canadienne de science politique, Vol.21, No. 2 (Jun., 1988), pp. 359-374
10. Delli Carpini, M.X., 2000. In search of the informed citizen: What Americans know about politics and why it matters. *The Communication Review*, *4*(1), pp.129-164.
11. D. Pastarmadzhieva. 2015. POLITICAL KNOWLEDGE: THEORETICAL FORMULATIONS AND PRACTICAL IMPLEMENTATION. Trakia Journal of Sciences, Vol. 13, Suppl. 1, pp 16-21.
12. Bathelt, S., 2016, July. Political Knowledge–Mediator of Political Participation?. In *Paper presented at the IPSA 24th World Congress of Political Science* (Vol. 23, p. 28).
13. Nelson, P., 1976. Political information. *The Journal of Law and Economics*, *19*(2), pp.315-336.

14. Levendusky, M.S., 2011. Rethinking the role of political information. *Public Opinion Quarterly*, *75*(1), pp.42-64.

15. Krassa, M.A., 1990. Political information, social environments, and deviants. *Political Behavior*, *12*(4), pp.315-330.

16. Stephen A. Jessee. 2010. Partisan Bias, Political Information and Spatial Voting in the 2008 Presidential Election. The Journal of Politics. Vol. 72, No. 2, pp. 327-340.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

17. Gettell, R.G., 1923. The Nature of Political Thought. *American Political Science Review*, *17*(2), pp.204-215.
18. Kim, Y.M. and Vishak, J., 2008. Just laugh! You don't need to remember: The effects of entertainment media on political information acquisition and information processing in political judgment. *Journal of Communication*, *58*(2), pp.338-360.

19. Happer, C. and Philo, G., 2013. The role of the media in the construction of public belief and social change. *Journal of social and political psychology*, *1*(1), pp.321-336.

20. Aarts, K. and Semetko, H.A., 2003. The divided electorate: Media use and political involvement. *Journal of Politics*, *65*(3), pp.759-784.

21. Weaver, D.H., 1996. What voters learn from media. *The Annals of the American Academy of Political and Social Science*, *546*(1), pp.34-47

22. Ladd, J.M., 2010. The role of media distrust in partisan voting. *Political Behavior*, *32*(4), pp.567-585.

23. Atkin, C.K. and Gantz, W., 1978. Television news and political socialization. *Public Opinion Quarterly*, *42*(2), pp.183-194.

24. Dimitrova, D.V., Shehata, A., Strömbäck, J. and Nord, L.W., 2014. The effects of digital media on political knowledge and participation in election campaigns: Evidence from panel data. *Communication Research*, *41*(1), pp.95-118.
25. Vergeer, M., Hermans, L. and Sams, S., 2013. Online social networks and micro-blogging in political campaigning: The exploration of a new campaign tool and a new campaign style. *Party Politics*, *19*(3), pp.477-501.

26. Gil de Zúñiga, H., Puig-i-Abril, E. and Rojas, H., 2009. Weblogs, traditional sources online and political participation: An assessment of how the Internet is changing the political environment. *New media & society*, *11*(4), pp.553-574.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

27.Semetko, H.A. and Krasnoboka, N., 2003. The political role of the Internet in societies in transition: Russia and Ukraine compared. *Party Politics*, *9*(1), pp.77-104.

28.Lupia, A. and Philpot, T.S., 2005. Views from inside the net: How websites affect young adults’ political interest. *Journal of Politics*, *67*(4), pp.1122-1142.

29.Gibson, R. and Ward, S., 2000. A proposed methodology for studying the function and effectiveness of party and candidate web sites. *Social science computer review*, *18*(3), pp.301-319.

30.Chigona, W., 2010. An evaluation of the functionality and delivery of websites of political parties in South Africa. *South African Journal of Information Management*, *12*(1), pp.1-5.

31.Kenski, K. and Stroud, N.J., 2006. Connections between Internet use and political efficacy, knowledge, and participation. *Journal of broadcasting & electronic media*, *50*(2), pp.173-192.

32.Gil de Zúñiga, H., Puig-i-Abril, E. and Rojas, H., 2009. Weblogs, traditional sources online and political participation: An assessment of how the Internet is changing the political environment. *New media & society*, *11*(4), pp.553-574.

33.Yun, S. and Chang, W.Y., 2011. New media and political socialization of teenagers: The case of the 2008 candlelight protests in Korea. *Asian perspective*, *35*(1), pp.135-162.

34.Gurevitch, M., Coleman, S. and Blumler, J.G., 2009. Political communication—Old and new media relationships. *The ANNALS of the American Academy of Political and Social Science*, *625*(1), pp.164-181.

35.Rowbottom, J., 2006. Media freedom and political debate in the digital era. *The Modern Law Review*, *69*(4), pp.489-513.

36.Singer, J.B., 2006. Stepping back from the gate: Online newspaper editors and the co-production of content in campaign 2004. *Journalism & Mass Communication Quarterly*, *83*(2), pp.265-280.

37.Jensen, M., and A. Venkatesh. 2007. Government Websites and political engagement: Facilitating citizen entry into the policy process. In



e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

Schriften- reihe informane vol. 23. Towards electronic democracy, ed. B. Thossen, 55-65. Linz, Austria: Trauner Verlag.

38.

وێب سایت:

1. John Edward Bowle, Richard J. Arneson. *2017. Political philosophy. Last accessed July 12, 2017 at: https://www.britannica.com/topic/political-philosophy*
2. *en.oxforddictionaries.com. 2017. media1. last updated 21 November 2017 at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/media*
3. Clark, Nick. 2013. "Contextual Dynamics and Political Knowledge: The Role of Institutional Quality in an Informed Citizenry." Last accessed 15 November 2017 at:http://facstaff.susqu.edu/c/clarkn/articles/paper_05.30.13.pdf



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)